

بێلان نەجات یاریزانی گۆڕەپان و مەیدان:

# پێویستە گرنگیی زیاتر بە یاریزانە تەمەن بچووکەکان بدرێت

دیمانە: کاروان کانەبی

تیپی گۆڕەپان و مەیدانی کچانی یانەی هەولێر بە یەکێك لە یانە بەهێزەکانی سەر ئاستی کوردستان و عێراق هەژمار دەکرێت، بەوەش بە ناوبانگە کە بەردەوام چەندین یاریزان لەم تیپە دروست دەبێت و قوتابخانەیەکی بەهێزە بۆ پێگەیاندنی یاریزانانی کچ لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان لە راکردنە جیاوازەکان، یانەکە لە ئێستادا رۆژانە خەریکی ئامادەکارییە بۆ پاڵەوانێتییەکانی داهاتوو و چەندین یاریزانی ئاستبەرزیش رۆژانە مەشقەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانیش کە پاشەڕۆژێکی باش چاوەڕوانیەتی کچە یاریزان (بێلان نەجات)ـە، ناوبراو لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٥ی شاری هەولێرە، ئێمەش لەم دیمانەیەدا چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی کردووە و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە:



*** چۆن بوو لە ناو ئەم هەموو یارییە وەرزشییە ئەم یارییەت هەڵبژارد؟**

-ئەوەی راستی بێت من لە تەمەنی منداڵیمەوە حەز و خولیای زۆرم هەبوو بۆ وەرزش بەتایبەتی لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان، لە ڕێگەی قوتابخانەکانیشەوە توانیم توانای خۆم تێیدا ببینمەوە.

***چۆن بوو هاتیتە ریزی یانەی هەولێر؟**

- دوای بەشداریکردنم لە پاڵەوانێتیی پەروەردەکان و بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لەم پاڵەوانێتیەدا لە ڕێگەی مامۆستا ڕێبوارەوە توانیم خۆم لە یانەی هەولێر ببینمەوە، بەهیوای ئەوەشم لەگەڵ ئەو یانەیە ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنم.

***ئاستی یاریی گۆڕەپان و مەیدان بە شێوەیەکی گشتی لە شارەکانی کوردستاندا چۆن دەبینی؟**

- ئاستی ئەم یارییە زۆر باشە و یانەکانی کوردستان گرنگیی باش بەم یارییە دەدەن و لە ئێستادا یانەکان زۆربەیان تیپی کچانیان هەیە، یانەی هەولێریش دەتوانم بڵێم تاکە یانەیە لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر کە تیپی گۆڕەپانی هەبێت، ئێمەش ئاستمان دیارە لە پاڵەوانێتییەکان.

*** چی بکرێت بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان زیاتر پێشبکەوێت ؟**

- دەبێت زیاتر گرنگی بە یاریزانەکانی تەمەنە بچووکەکان بدرێت، بەردەوام قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان و یاریگەی زیاتر بۆئافرەتان بکرێتەوە بۆ ئەوەی زیاتر پەرە بەتوانای خۆیان بدەن، چونکە ئێستا زۆربەی یانەکان یاریگەی تایبەتیان نییە بۆ ئەوەی پەرە بە ئاستی خۆیان بدەن.

***کێشەکانتان لە یانەی هەولێر چین؟**

- ئێستا قەیرانی دارایی و نەبوونی مووچە هەموو هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە، ئەگەرنا یانەی هەولێر هەموو هاوکارییەکی ئێمەی کردووە.

***بۆچی ئافرەت لە کوردستان کەم روو لە وەرزش دەکەن؟**

- زۆر جار ئافرەت حەز دەکات وەرزش بکات بەهیوای ئەوەیە بتوانێ بەردەوام لە ناو گۆڕەپانەکانی وەرزش بێت، بەڵام رەنگە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە بۆی نەگونجێ، هەر بۆیە ئافرەت لە وەرزشکردن کەمتر دەبینرێ.

***پەیامت چییە بۆ ئەو ئافرەتانەی کە وەرزش ناکەن، یاخود لە وەرزش دوورن بە هەر هۆکارێك بێت؟**

- وەرزش هۆکارە بۆ ناساندنی کەسایەتیی هەموو کەسێك، زۆر جار بە وەرزشکردن دەتوانیت بگەیتە لووتکەی نازناوەکان، بەهیوای ئەوەشم ئەوانەی لە وەرزش دوورن، بتوانن تواناکانی خۆیان دەرخەن.

***هیواو ئاواتت وەکو کچە یاریزانێك چییە؟**

- بەهیوای ئەوەم لەگەڵ یانەکەم بتوانم باشترین ئاست پێشکەش بکەم لە پاڵەوانێتییەکانی داهاتوو بگەمە ئاستێکی بەرز و ناوی خۆم و یانەکەم بەرز بکەمەوە.

***هیچ کات لەلایەن خانەوادەکەت بۆ وەرزشکردن ڕێگریت لێ نەکراوە؟**

- نەخێر، تاکو ئێستا گرفتی لەم جۆرەم نەهاتۆتە پێش و بگرە ئەوان هۆکارن بۆ بەرەو پێشچوونی ئاستی من.

*** لە هەڵبژاردەی عێراق داوا نەکراوی؟**

- نەخێر، بەڵام هەوڵدەدەم لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەو درێسە بپۆشم.

*** ئەی بۆ هەڵبژاردەی کوردستان چی دەڵێیت؟**

- بەهیوای ئەوەم ئەم هەڵبژاردەیەش دابمەزرێ و منیش یەکێك بم لە یاریزانانی ئەو هەڵبژاردەیە.

***دەستەی کارگێڕیی یانەکە هاوکاری بەردەوامتان دەکەن؟**

-بێگومان هیچ کات کەمتەرخەمییان نەکردووە و هەمیشە لە وەرزشکردنمان پاڵپشتی ئێمە بوون.

*** خوێندن نەبۆتە هۆکاری ڕێگە گرتن لە وەرزشکردنت؟**

- نەخێر، بەردەوام هاوسەنگیم راگرتووە لە نێوان وەرزشکردن و خوێندن.

***لە کۆتاییدا ئەگەر شتێکت ماییت بۆ گۆڤاری گوڵان؟**

_ سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم کە بەردەوام بەبێ جیاوازی هاوکاریی یاریزانان دەکات.



## ڕۆناڵد کویمان:

# مان سیتی ئەزموونی بەرشلۆنەی نییە

ڕاهێنەری هۆڵەندی و بەڕێوەبەری هونەری یانەی ساوساهامپتۆن ڕۆناڵد کویمان دووپاتیکردەوە یانەی بەرشلۆنە لە ئێستادا ئاستی هونەری و جەستەیی گەڕاوەتەوە و ئەنجامەکانی باشن. هەروەها کویمان بۆ ڕۆژنامەی توتو میرکاتۆی ئیتالی ڕوونیکردۆتەوە یانەی مانچستەر ستی ئینگلیزی زۆر دەناڵێنێت لەپێناو بردنەوەی لە ڕووبەڕووبوونەوەی بلوگرانەی داهاتوو. هەروەها ناوبراو ئاماژەی بۆ ئەوە کرد بەرشلۆنە ژمارەیەك زۆر ئەستێرەی هەیە کە شارەزایی تەواویان لەپاڵەوانیەتی ئەوروپی و جیهانی هەیە، بەڵام مان ستی بەم تیپەی ئێستای لە توانایدا نییە ڕووبەڕووی ئاست و خێرایی بەرشلۆنە ببێتەوە.

شایەنی وتنە کویمان پێشتر وەك یاریزان لە ریزی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی یاری دەکرد، دواتر بووە یاریدەدەری ڕاهێنەری هۆڵەندی لویس ڤان گال لەسەردەمی ڕاهێنەرایەتی یانەی بەرشلۆنە لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوودا.

# ئایا سانشێز دەگەڕێتەوە یانەی بەرشلۆنە؟

بەڕێوەبەری وەرزشی نوێی یانەی بەرشلۆنە ئەریدۆ باریدا ئاشکرایکرد کە شتێکی چاوەڕواننەکراوی گرانبەها لەئارادایە بۆ دڵخۆشکردنی جەماوەری بەرشلۆنە. لەمبارەیەوە ڕۆژنامەی دەیلی ستار لێدوانی ناوبراوی بڵاوکردۆتەوە کە تیایدا باریدا دەڵێت: ئەو کارە چاوەڕواننەکراوە ئەوەیە کە لە بەرنامەمدایە ئەستێرەی پێشووی یانەی بەرشلۆنە ئەلیکس سانشیزی هێرشبەر بگەڕێنمەوە. باریدا دووپاتیکردۆتەوە کە بەدەستهێنانی سانشیز یەکێکە لە هەنگاوەکانی داهاتووی یانەی بەرشلۆنە، چونکە ئەو یەکێکە لە باشترین یاریزانەکانی خوولی پریمەرلیگ و باشترین یاریزانی جیهانە، گوتیشی: من نازانم بۆ فرۆشتیان، بەداخەوە ئەو کات من لەگەڵ تیپەکە نەبووم، بەڵام بۆ داهاتوو یەکێك دەبێت لە بۆندەکانم.

شایانی باسە باریدا لە شوێنی بەڕێوەبەری وەرزشی پێشوو ئەندۆنی زۆبیزاریتا ئەم پۆستەی وەرگرتووە.








# کاروانی پاڵەوانییەتی چامپیۆنزلیگ دەست پێدەکاتەوە

دوای وەستانی زیاتر لە دوو مانگ وا بڕیارە ڕۆژی سێشەممە ٢٠١٥/٢/١٧ جارێکی دیکە کاروانی یارییەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا (چامپیۆنزلیگ) دەست پێدەکاتەوە، لە ڕۆژانی سێشەممە و چوارشەممە یارییەکانی چوونی قۆناغی ١٦ بە ئەنجامدانی چوار یاری بەپێی ئەم خشتەیە دەست پێدەکات:

سێشەممە ٢٠١٥/٢/١٧

پاریس سانجێرمان (فەرەنسا) * چێلسی (ئینگلتەرا) کاتژمێر ١٠,٤٥ی شەو

شاختار دۆنتسیك (ئۆکرانیا) * بایەرن میونشن (ئەڵمانیا) کاتژمێر ١٠,٤٥ی شەو

چوارشەممە ٢٠١٥/٢/١٨

شالکە (ئەڵمانیا) * ریال مەدرید (ئیسپانیا) کاتژمێر ١٠,٤٥ی شەو

بازل (سویسرا) * پۆرتۆ (پورتوگال) کاتژمێر ١٠,٤٥ی شەو

# لە دەستنیشانكردنی ناوی یاریزانانی هـ

دوای ئەوەی ناوی یاریزانانی هەڵبژاردەی كوردستان دیاری كرا بـۆ یارییە دۆسـتانەكەی هەڵبژاردەی كوردسـتان بۆ ئەنجامدانی ئەم یارییە دۆسـتانەیە لەبەرامبەر هەڵبژاردەی هەرێمی ئیلان ڤانینی وڵاتـی ئێرلەندا كە بڕیارە لە وڵاتی ئینگلتەرا لە شاری پیرمینگهام رۆژی ١٧-٣-٢٠١٥ بەڕێوە بچێـت، هەندێك نارەزایی لــە دیاریكردنی ناوی یاریزانانی هەڵبژاردەكــە دروسـت بوو، كــە گوایە لەلایەن دەسـتەی ڕاهێنەرانــەوە ناوچەگەریی كراوە و یاریزانانی شـارێك لە شـارێكی دیكە زیاتری تێدایە. ئەرسەلان جەلال یاریدەدەری ڕاهێنــەری هەڵبژاردەی تۆپی پێی كوردسـتان لەو بارەیەوە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «دوای دەستنیشـانكردنمان بە یاریدەدەری ڕاهێنەر ئێمە لەگەڵ دەسـتەی ڕاهێنەران ناوی یاریزانانی هەڵبژاردەكەمان دیاری كرد، بەبێ دەستكاریكردنی هیچ لایەك لەو دەستنیشـانكردنە، لەم هەفتەیەشدا دەست بە



# تیپی گۆڕەپان و مەیدانی هەولێر یەک ساڵە بێ مووچە یاری دەكەن



هەر چەندە تیپی كچانی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی هەولێر بەردەوامە لە مەشقكردن بۆ خۆئامادەكاریی بۆ پاڵەوانێتییەكانی دەرەوە و ناوخۆی عێراق، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا ماوەی زیاتر لــە ١٢ مانگە كچانی ئەم یانەیە هیچ بـڕە مووچەیەكیان لە یانەی هەولێر وەرنەگرتووە، بەهۆی ئەو كێشــە داراییەی كە بەرۆكی یانەی وەرزشـی هەولێری گرتووە، بەڵام كچانی هەولێـر ئامادەن بەبــێ بەرامبەریش لەبەر خۆشەویسـتییان بۆ یانــەی هەولێر یاری بكەن، لەبارەی بەردەوامیشـیان لە وەرزشـكردن خزمەتی یانەكە بكەن. ڕێبوار محیەدین جەباری ڕاهێنــەری تیپی گۆڕەپـان و مەیدانی یانــەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هەرچەنـدە ئێمە ماوەیەكی زۆرە مووچەمـان وەرنەگرتـووە لە یانەی وەرزشـی هەولێر بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا بەردەوامیمان داوە بە وەرزش كردن، بەهۆی ئەوەی كە ژمارەیەك لە یاریزانانی ئێمە لە ریزی هەڵبژاردەی عێراقدان و لــەوێ بەردەوام مووچەكانیـان وەردەگرن، بۆیە كێشەمان بۆ دروست نەبووە و ئەمساڵیش هەوڵدەدەین یاریزانی زیاترمـان لە هەڵبژاردەكــە وەربگیرێن بۆ ئەوەی ئەو بۆشـاییە داراییەی كە لــە یانەكەمان هەیە لەوێ بۆیـان پڕ بكەنــەوە، ماوەی زیاتر لە یەك سـاڵە هیـچ مووچەیەكەمان لە یانەی وەرزشـی هەولێر وەرنەگرتووە و بەردەوامیشـین لە ریزی یانەكەمان لەبەر خۆشەویستیی یانەی هەولێر و یاری گۆڕەپان و مەیدانیـش ئێمە بەردەوام دەبیـن لە خزمەتكردن بە یانەی وەرزشـی هەولێر و بەرزكردنـەوەی ناوی یانەی هەولێر لە یاریی گۆڕەپان و مەیدانیش، بەڵێنی ئەوەشمان داوە بەبێ پارەش لە یانەی وەرزشی هەولێر بەردەوام دەبین.



# ـــــــەڵبژاردەی کوردستان ناوچەگەری نەکراوە

ئامادەکارییەکان دەکەین بۆ ئەم یارییە دۆستانە کە بڕیارە لە مانگی داهاتوو بەڕێوەبچێت، کە باسی ناوچەگەریش دەکرێ، ئەوە دوورە لە راستی، چونکە بە هیچ جۆرێك ئێمە وەکو دەستەی راهێنەران ناوچەگەریمان نەکردووە، پێمان باش بوو لە هەر یانەیەکی پلە نایاب یاریزانێك دیاری بکەین بۆ هەڵبژاردەکە، دواتریش من خەڵکی هەولێرم ماوەی زیاتر لە ٢٠ساڵە لە سلێمانی دەژیم، بەهیچ جۆرێك رێگە نادەم ناوچەگەری بکرێت، هەر راهێنەرێکیش ئەو کارە بکات، من بە راهێنەری نازانم». گوتیشی: «دەستنیشانکردنی ئەو یاریزانانە تەنیا بۆ ئەم یارییە دۆستانەیە و دواتریش نازانین چی بەسەر دێت، تائێستاش گرفتمان نییە و هەوڵدەدەین ئامادەکارییەکی باش بکەین بۆ ئەم یارییە دۆستانە بۆ ئەوەی تیپێکی تۆکمە دروست بکەین و یاریزانان بەشێوەی باش ئامادەبکەین .



## سلێمانی چاوی لە نازناوی کوردستان و عێراقە

دوای ئەوەی بۆ ماوەیەك یانەی سلێمانی تیپەکەیان راگرتبوو لە بەشداریکردن لە خولەکان، بۆ زیاتر بەهێزکردنی ریزی پێکهاتەی یانەکەی لە خولی تۆپی سەرمێزی یانەکانی کوردستان و نایابی عێراق کە بڕیارە یارییەکانی لە داهاتوو بەڕێوەبچێت، دەستەی کارگێڕیی یانەی سلێمانی گرێبەستی لەگەڵ چوار یاریزانی تۆپی سەرمێز مۆرکرد بۆ پاراستنی نازناوی خولەکانی کوردستان و عێراق لەم وەرزە، یانەی سلێمانی لەم وەرزەش چاوی لە بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورەیە لەسەر ئاستی عێراق، بۆیە دەستەی کارگێڕیی یانەکە بەفەرمی بڕیاری دا بە مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ هەریەك لە یاریزانان (عومەر ئەیاد،سەیفەدین فەتاح، حوسێن عومەر، سەیوان جەمال) گرێبەستی ئەم چوار یاریزانە تەنیا بۆ یەك وەرزە و بۆ هەردوو خولی نایابی عێراق و کوردستانە، لە بارەی مۆرکردنی ئەو یاریزانانەش بێوەی ئەحمەد ئەندامی دەستەی راگەیاندنی یانەی وەرزشی سلێمانی بۆگۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە بۆ بەهێز کردنی تیپی تۆپی سەرمێزی یانەکەمان لە هەردوو خولی عێراق و کوردستان گرێبەستمان لەگەڵ هەریەك لە یاریزانان (عومەر ئەیاد،سەیفەدین فەتاح، حوسێن عومەر، سەیوان جەمال) مۆرکردووە بۆ ئەوەی بتوانین ئەمساڵیش پاڵەوانی عێراق و کوردستان بین کە دوای ئەوەی بڕیاری ئەوە دراوە ئەم وەرزە هیچ یاریزانێکی پیشەگەر لە خولی عێراقی بەشدار نەبێت ئەگەر بڕیاری هێنانی یاریزانانی پیشەگەریش درا، ئێمە بەنیازی ئەوەین یاریزانێکی پیشەگەریش بهێنین، بەڵام دڵنیاین بە هێنانی ئەو یاریزانانە دەتوانین ئەنجامی گەورە بەدەستبهێنین لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان، لە بارەی بڕی گرێبەستەکانیشیان گوتی: «نامانەوێ بڕی گرێبەست و مووچەیان ئاشکرا بکرێت، ئەوە پەیوەستە بە یانەکەمان، بەڵام ئەوانیشمان بێ ئومێد نەکردووە و گرێبەستمان بۆیان دابین کردووە، ئامانجی یانەی سلێمانیش لەم وەرزە چنینەوەی نازناوەکانی کوردستان و عێراقە، بۆیە چاومان لە ئەنجامی گەورەیە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان».